# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٧ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل لیزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. سالّح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، ئەکادیمیای کوردی دەری دەکات، بایەخ بە توێژینەوەی ڕەسەن و پێشکەوتوو لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا ، فۆلکلۆر، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستی کردەکی، توێژینەوەی بەراوردکارانە، نێوان بوارە زانستییەکان، فەرهەنگناسیی کوردی، کولتووری کوردی بەگشتی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ڕەسەنەوە، بایەخێکی زۆر بە کێشەی زاراوەسازی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەدا. ئەم گۆڤارە توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، درێژەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردییە کە پێشتر لە سەردەمی کۆڕی زانیاری کوردیدا دەردەچوو، چەندان نووسەر و توێژەری پێشکەوتووی کورد کاریان تێدا دەکرد و بەرهەمی ڕەسەنیان تێدا بڵاودەکردەوە.

ئەمڕۆش، ئەم گۆڤارە، بە هەمان ڕوانینی ڕەسەن و وردەکارانەوە، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئاستی توێژینەوەی زانستی لەو بوارانەدا، درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، خواست و هیوای زۆری هەیە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا، گەشە بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی توێژینەوەی کوردی بدات، بە تایبەتی لە ڕووی نوانەسازی و ئاماژەپێوی ئاستێکی ئەکادیمیی جیهانی بەدەست بهێنێت. ئامانجی ئەم گۆڤارە، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و پێشکەوتووە، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو بووەتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە و بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


❋ ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک

❋ دیزاین: هەرێم عوسمان

❋ ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:

Web: journal.ka.gov.krd

❋ ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd

❋ مۆبایل: 009647508375575

# مجلة الاكاديمية الكوردية

العدد ٦٧ – ٢٠٢٦
مجلة علمية فصلية

(رئيس الاكاديمية الكوردية و صاحب الامتياز)
**حەمەسەعید حەسەن**

رئيس التحرير
**أ. د. محسن احمد عمر**

مدير التحرير
**د. بخشان فهمي فرحو**

هيئة التحرير
أز د. قيس كاكل توفيق
أ. د. بختيار سجادى
أ. د. فرهاد قادر كريم
أ. م. د. احمد محمد مام عثمان
أ. م. د. عبدالواحد ادريس شريف
أ. م. د. نوزاد احمد اسود
د. لزكين عبدالواحد احمد

هيئة المستشارين
أ. د. ميشيل ليزنبيرك
أ. د. مارتن فان برونسن
أ. د جليل جليلى
أ. د. سالح اكين
أ. د. جعفر الشيخ لاسلامى
أ. د. عبدالرحمن اداك
أ. د. هاشم احمدزادة

Web: journal.ka.gov.krd ISSN: 2520- 4106 اربيل/ شارع هەلەبجە

## مجلة الأكاديمية الكوردية

هذه مجلة علمية موسمية تصدر عن الأكاديمية الكوردية. تسلط الضوء على الأبحاث الأصيلة والمتقدمة في مجالات اللغة والأدب والتاريخ والجغرافيا والفلكلور وعلم الاجتماع والفلسفة والعلوم التطبيقية، بالإضافة إلى الدراسات المقارنة والمتعددة التخصصات. تولي مجلة الأكاديمية الكوردية أهمية كبيرة لمسألة المصطلحات في جميع هذه المجالات، لا سيما من خلال نشر الأبحاث الأصيلة. تنشر المجلة بحوثا بالكوردية والعربية والإنجليزية. وهي امتداد لمجلة المجمع العلمى الكوردي، التي كانت تصدر سابقا في إطار هذا المجمع. وقد ساهم فيها العديد من المؤلفين والباحثين الكورد المعروفين ونشروا أعمالا أصيلة.

تواصل هذة المجلة المهمة نفسها من خلال إثراء وتحسين مستوى البحث العلمي في جميع المجالات. يهدف مجلة الأكاديمية الكوردية إلى رفع المستوى العلمي والأكاديمي للبحث الكوردي في المستقبل القريب وتحقيق شهرة دولية من حيث الفهرسة. ولذلك، فإن هدف المجلة هو نشر بحوث علمية مبتكرة ومتقدمة للغاية. نشرت العدد الأول من المجلة في سنة ٢٠٠٢. مجلة الأكاديمية الكوردية معتمدة من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كوردستان ومعترف بها للترقيات العلمية.


❊ منسق شؤون المجلة: ئيمان نەجات ئاغۆک

❊ اخراج الفني: هەرێم عوسمان

❊ موقع مجلة الأكاديمية الكوردية:

Web: journal.ka.gov.krd



❊ البريد الكتروني: journal@ka.gov.krd

❊ موبايل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٦/١/٢٩
پەسەند کردن: ٢٠٢٦/٤/٩

# شیکردنەوەیەکی جیۆسیاسی بۆ پێگەی کورد لە عێراق ٢٠١٧ - ٢٠٢٣

پ.د. سلیمان عبدالله اسماعیل
بەشی جوگرافیا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین
sulaiman.ismail@su.edu.krd

دلشاد مصطفی عباس
بەشی جوگرافیا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین
dilshad.abbas@su.edu.kurd

پوختە:

دوای ٢٠٠٣ کورد پێگەیەکی بەهێزی لە عێراق هەبوو، بەڵام دوای ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ بەهۆی هۆکاری ناوخۆیی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئەو پێگەیە لاواز بوو. ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی وەسفی و شیکاری، کاریگەریی گۆڕانکارییەکان و هۆکارەکانی پاشەکشەی پێگەی کورد هەڵدەسەنگێنێت. لە ئەنجامدا، توێژینەوەکە دەریدەخات کە:لە ڕووی سەربازی و جوگرافییەوە، پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە و لەدەستدانی ناوچە دابڕێنراوەکان بەتایبەت کەرکوک، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر پێگەی هەرێم دروست کرد. ململانێکانی بەغدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییەوە بۆ گوشاری یاسایی و دارایی گۆڕان؛ بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و پرسی بودجە وەک ئامرازێک بۆ لاوازکردنی سەربەخۆیی ئابووریی هەرێمی کوردستان بەکارهێنران. پڕۆژە ستراتیژییە هەرێمایەتییەکانی وەک "ڕێگەی گەشەپێدان" و "دەروازەی ئۆڤاکۆی" وەک مەترسییەکی جیۆسیاسی نوێ، ئامانجیان دابڕانی هەرێمە لە هاوکێشە بازرگانی و نێودەوڵەتییەکان. پەرتەوازەیی ناوخۆیی، دەستوەردانی وڵاتانی ئێران و تورکیا و بڕیاری دادگای پاریس، زەمینەیان بۆ لاوازبوونی پێگەی دانوستانکاری کورد خۆشکرد و کاریگەرییان لەسەر تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا هەبوو. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییانە و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، توێژینەوەکە یەکخستنی گوتاری نیشتمانی و کارکردن بە ناوەڕۆکی دەستوور وەک تاکە چارەسەر پێشنیار دەکات.

وشە سەرەکییەکان: جیۆسیاسی، کورد، عێراق، ڕیفراندۆم، دەروازەی ئۆڤاکۆی، ڕێگەی گەشەپێدان.

## پێشەکی

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵیی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ، هەمیشە لە نێوان هەڵکشان و داکشاندا بووە. بەڵام قۆناغی نێوان ساڵانی ٢٠١٧ تا ٢٠٢٣ بە یەکێک لە هەستیارترین و پرگۆڕانکاریترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە قەڵەم دەدرێت. ئەم قۆناغە بە ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەستی پێکرد کە لوتکەی هەوڵە سیاسییەکانی کورد بوو بۆ گەیشتن بە دەوڵەت، بەڵام دواتر ڕووداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و گۆڕانی هاوسەنگیی هێز، کورد و هەرێمی کوردستانیان لە پێگەیەکی تاڕادەیەک بەهێزەوە بۆ پێگەیەکی بەرگری و پاشەکشە گواستەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕوانگەیەکی جیۆسیاسییەوە شیکردنەوە بۆ ئەو هۆکارە ناوخۆیی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییانە بکات کە کاریگەرییان لەسەر پاشەکشێ ولاوازبوونی پێگەی کورد هەبووە لە عێراق. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر گۆڕانکارییە جیۆسیاسییە خێراکان لە ماوەی حەوت ساڵدا (٢٠١٧-٢٠٢٣). توێژینەوەکە تەنیا لە ڕەهەندە سیاسییەکان ناوەستێت، بەڵکوو شیکاری بۆ لێکەوتە جوگرافی، ئابووری و یاساییەکان (وەک بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و پڕۆژە ستراتیژییەکانی وەک ڕێگەی گەشەپێدان) دەکات، کە مەترسیی ڕاستەقینەن بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان. توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە، وێڕای هۆکارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، هۆکاری ناوخۆی کورد، کە خۆی لە پەرتەوازەیی و دابەشبوونی گوتاری سیاسی و نەبوونی یەکهەڵوێستی لەبەرامبەر عێراق و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییدا دەبینێتەوە، کاریگەرترین هۆکاری لاوازبوونی پێگەی کوردە.

ئەم توێژینەوەیە سوودی بۆ پێداچوونەوە و دارشتنەوەی هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بۆ کارکردن لەسەر هەوڵی گەڕاندنەوەی پێگەی کورد بە گوێرەی دەستووری عێراق، کە پێویستە حکوومەتی هەرێم و لایەنە سیاسییەکان توێژینەوەکە بەهەند وەربگرن. لەم پرسیارەدا کورت دەبێتەوە: بۆچی و چۆن پێگەی جیۆسیاسیی کورد لە عێراقدا لە دوای ساڵی ٢٠١٧ تووشی پاشەکشەی گەورە بوو؟ و ئەو ئامرازە نوێیانە چین (یاسایی، دارایی، سیاسی) کە بەغدا و وڵاتانی دراوسێ بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێم بەکاری دەهێنن؟ شیکردنەوەدا پشت بە میتۆدی وەسفی-شیکاری بەستراوە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن بەرژەوەندییە مادییەکان و هێزە فیزیکییەکان لەسەر زەوی، سیاسەتی دەوڵەتان بەرامبەر بە هەرێم ئاڕاستە دەکەن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بداتەوە کە لە دەوری لێکەوتە جیۆسیاسییە خێرا و دوورمەوداکانی ریفراندۆمی ٢٠١٧ دەسوڕێنەوە و تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن لەدەستدانی ناوچە جێناکۆکەکان و سەرچاوە نەوتییەکان کاریگەرییان لەسەر لاوازبوونی سەربەخۆیی ئابووریی هەرێم هەبووە. هەروەها توێژینەوەکە دەپرسێت کە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و پرسی بودجە بە چ شێوەیەک وەک چەکی سیاسی دژی قەوارەی هەرێم بەکار هێنراون؟ و لە کۆتاییدا، ئایا پڕۆژە نوێیەکانی وەک (دەروازەی ئۆڤاکۆی و ڕێگەی گەشەپێدان) چ جۆرە مەترسییەکی جیۆسیاسیی نوێ بۆ سەر داهاتووی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن؟

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی سەرەکی دەپێکێت، کە گرنگترینیان ناساندنی ئەو قۆناغە نوێیەی ململانێیە کە تێیدا شێوازەکان لە ململانێی سەربازییەوە بۆ جەنگی یاسایی و دارایی گۆڕدراون. هەروەها هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی زانستی ئاستی دەستوەردانی وڵاتانی هەرێمی (ئێران و تورکیا) و ڕۆڵی ئەوان لە گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا دیاری بکات. لە لایەکی ترەوە، توێژینەوەکە مەبەستیەتی تیشک بخاتە سەر مەترسییەکانی لێکترازانی ناوخۆیی و دابەشبوونی هەرێم بۆ زۆنی زەرد و سەوز، وەک هۆکارێکی کاریگەر کە بووەتە هۆی لاوازبوونی زیاتری پێگەی کورد لە بەرامبەر حکوومەتی فیدراڵیی بەغدادا. سەبارەت بە سنووری زەمەنی ئەم توێژینەوەیە، ساڵانی نێوان ٢٠١٧ (لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە) تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ و سەرەتاکانی ٢٠٢٤. گرفتەکە بریتییە لە دەسکەوتنی سەرچاوە بە تایبەتی لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی عێراق لەبارەی پێگەی کورد.

پێشینەی توێژینەوە:

توێژینەوەی (ساسان حیکمەت علی ٢٠٢٢): ئەم تێزە کە لە ژێر ناونیشانی (ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان) نووسراوە، بایەخێکی زۆری بۆ تێگەیشتن لەو وەرچەرخانە جیۆپۆلیتیکییەی کە لە ساڵی ٢٠١٧ دا ڕوویدا هەیە. توێژەر توانیویەتی دەست بخاتە سەر کەموکورییە ناوخۆییەکان و هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئێمە لەوەدایە کە وەک بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندنی پاشەکشەی پێگەی کورد سوودی لێ دەبینرێت، بەتایبەت لە بەرەوڕووبوونەوەی ئەو دیدگا نەتەوەییە تەسکانەی کە داخوازیی کورد وەک پرۆژەیەکی دەرەکی دەبینن.

توێژینەوەی (ئەحمەد ڕەفیق کەریم ٢٠٠٩): ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە جیۆگرافیای سیاسیدا)، یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە جوگرافییەکانی پێگەی کورد. توێژەر تیشکی خستۆتە سەر قۆناغی دوای ٢٠٠٣ و چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەستووری لەگەڵ ناوچە جێناکۆکەکان و مادەی ١٤٠. ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن کۆنترۆڵکردن یان لەدەستدانی ئەم ناوچانە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەهێزی و لاوازیی پێگەی کورد لە عێراقدا هەبووە.

توێژینەوەی (ڕەفیق سلیمان و صافیە زفنکی، ٢٠٢١): بە ناوی (الفدرالية و مشكلاتها التطبيقية في العالم المعاصر الامارات العربية المتحدة و العراق / اقليم كردستان)، ئەم توێژینەوە نوێیە بەراوردکارییە، بۆ سەلماندنی گریمانەی ئەم توێژینەوەیە زۆر گرنگە. توێژەران دەیسەلمێنن کە سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا (بە پێچەوانەی ئیمارات) شکستخواردووە، چونکە ناوەند ئامادە نییە پێگەی هەرێم قبووڵ بکات. ئەمە بەڵگەیەکی زانستیی بەهێزە بۆ ئەو لاوازبوونەی، کە لە توێژینەوەکەماندا باسی دەکەین.

بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، ئەم توێژینەوەیە بەسەر حەفت تەوەرەی سەرەکیدا دابەش کراوە؛ بە شێوەیەک کە تەوەرەی یەکەم تەرخان کراوە بۆ شیکردنەوەی جیۆسیاسیی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ٢٠١٧، و لە تەوەرەی دووەمدا تیشک دەخرێتە سەر قۆناغی پاشەکشە و بچووکبوونەوەی جوگرافی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧-٢٠١٨. تەوەرەی سێیەم بە وردی باس لە جەنگی یاسایی و دارایی بەغدا دەکات وەک

ناوەندێکی سەردەست لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٨-٢٠٢٣، لە کاتێکدا تەوەرەی چوارەم بۆ لێکۆڵینەوە لە جیۆپۆلەتیکی ناوخۆیی تەرخان کراوە. لە تەوەرەی پێنجەمدا باس لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، تورکیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرێت، هەروەها تەوەرەی شەشەم و حەوتەم تەرخان کراون بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسییەکانی دەروازەی ئۆڤاکۆ، ڕێگەی گەشەپێدان و لێکەوتە ستراتیژییەکانی بڕیاری دادگای ناوبژیوانی پاریس، تاوەکو لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بە خستنەڕووی کۆمەڵێک ئەنجامی زانستی و ڕاسپاردەی کردەیی کۆتایی پێ بێت.

دەروازە:

دۆزی کورد لە عێراق، بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق بێ چارەسەر ماوەتەوە، مامەڵەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، لە جیاتی چارەسەری ڕیشەیی پەنایان بۆ چارەسەری سەربازی و توندوتیژی بردووە، دوای ٢٠٠٣ بۆ یەکەم جار دەرفەت بۆ کورد ڕەخساوە کە ببێتە هاوبەشی ڕاستەقینە و بەشداری لە نووسینەوەی دەستوور بکات، بەڵام دواتر کۆماری فیدراڵیی عێراق پاشەکشەی لە جێبەجێکردنی دەستوور بەتایبەتیش ئەو ماددانەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە کرد. ئەگەر مێژووی هاوچەرخی کورد لە عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣، بە زنجیرەیەک هەڵکشان و داکشانی جیۆسیاسی وێنا بکەین، ئەوا قۆناغی نێوان ساڵانی ٢٠١٧ تا ٢٠٢٣ بێ هیچ گومانێک، قۆناغی داکشانی گەورە و ناچاربوون بە خۆگونجاندنی تاڵە. ئەم قۆناغە بە ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دەست پێ دەکات، کە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بە پشتیوانیی ئێران پەلاماری کەرکووکیان دا، کە ٢١ ڕۆژ دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ڕووی دا و کۆتایی بەو سەردەمە زێڕینە هێنا، کە لە ساڵی ٢٠١٤ و لەگەڵ شکستی سوپای عێراق لە بەرانبەر داعشدا دەستی پێکردبوو. لەم ماوەیەدا، هەرێمی کوردستان لە لوتکەی هێزی جیۆسیاسی و کاریگەریی نێودەوڵەتییەوە، کەوتە دۆخێکی بەرگری و پاشەکشەوە، کە تێیدا نەک هەر خەونی دەوڵەتی سەربەخۆ بەلاوە نا، بەڵکو ناچار بوو شەڕ لەسەر پاراستنی ئەو دەسەڵاتە فیدراڵییە سنووردارانەش بکات، کە لە دەستووری ٢٠٠٥دا بۆی مسۆگەر کرابوو. (ICG 2018: 5)).

شیکاریی جیۆسیاسی، لێرەدا تەنیا بریتی نییە لە خستنەڕووی ڕووداوەکان، بەڵکو بریتییە لە شیتەڵکردنی پەیوەندیی نێوان جوگرافیا (سنوور، خاک، دەرامەت)، دەسەڵات (هاوسەنگیی هێز، یاسا، دامەزراوەکان) و بەرژەوەندیی هێزە دەرەکییەکان (ئێران، تورکیا). لەم ڕوانگەیەوە، هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەم قۆناغە، لەسەر چەند پایەیەک بنیات دەنرێت: (Stansfield 2019: 45)

١. شیکردنەوەیەکی جیۆسیاسی بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ٢٠١٧

پێگەی کورد لە عێراق بەهێز بوو، هەرچەندە لە ٢٠١٤ حکوومەتی عێراق بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و شەڕی داعش ڕووی دا، بەڵام پێگەی نێودەوڵەتیی هەرێمی کورددستان بەهێز بوو، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە هەرێمی کوردستان، یەکێک بوو لە وێستگە هەرە گرنگ و مشتومڕاوییەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد لە عێراق. ئەم هەنگاوە، کە لە لووتکەی هێزی سەربازی و مەعنەوی کورددا دوای سەرکەوتنەکانی بەسەر داعشدا نرا، دەربڕی ئاواتێکی مێژوویی و مافێکی ڕەوا بوو، بەڵام ڕێگریی زۆری بۆ دروستکرا.

لە ڕوانگەی جیۆسیاسییەوە، تیشک دەخەینە سەر کاریگەرییەکانی ئەم ڕووداوە. یەکێک لە گرنگترین ڕەهەندەکانی ڕیفراندۆم، بڕیاری بەشداریکردنی دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بوو (ناوچە جێناکۆکەکان)، بەتایبەت کەرکووک. ئەم بڕیارە تەنیا جوگرافی نەبوو، بەڵکو پەیامێکی سیاسی و نەتەوەیی ڕوونی هەڵگرتبوو. بەشداریکردنی کەرکووک و ناوچەکانی وەک شنگال، مەخموور و خانەقین، هەوڵێک بوو بۆ یەکخستنی "جوگرافیای خەون"ی کوردی لەگەڵ "جوگرافیای واقیع"دا. ئەم هەنگاوە بە شێوەیەکی کاتی، سنووری دیفاکتۆی کوردستانی گەورەتری کێشا و هەستی ئینتیما بۆ خاکێکی یەکگرتووی بەهێز کرد. دیمەنی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، لە قەڵای کەرکووک و بەڕێوەچوونی بانگەشەی ڕیفراندۆم لەو ناوچانە، هەستێکی بەهێزی سەروەری و یەکبوونی نەتەوەیی لە نێو کوردا دروست کرد، کە لە مێژووی هاوچەرخدا وێنەی کەم بوو. ئەم هەستە، تەنانەت ناکۆکییە حیزبییەکانیشی بۆ ماوەیەک کاڵ کردەوە.(Romano 2018: 112)

دەنگدان لە پارێزگاکانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە کەرکووک و نەینەواو دیالە و سەلاحەدین بەڕێوە چوو(علی ٢٠٢٢: ١٨٦). ڕێژەی بەشداری و دەنگی بەڵێی ٩٢,٧٣ ٪ ، بووە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر، لەسەر ئیرادەی گشتیی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی. ئەم پرۆسەیە، سەرەڕای هەموو گوشار و هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بواری بە خەڵک دا، بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی دیموکراسییانە، دەنگ بە چارەنووسی خۆیان بدەن. ئەم چرکەساتە مێژووییە، بووە هۆی بەرزبوونەوەی ورەی نەتەوەیی و دروستکردنی یادەوەرییەکی هاوبەش، بۆ نەوەکانی داهاتوو. هەستی شانازیکردن بەم ئیرادەیەوە، تەنانەت دوای شکستە سەربازییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەریش، لە ناخی هاووڵاتیاندا بە زیندوویی مایەوە.( حسین ٢٠١٨: ٢٣)

حکوومەتی عێراق، بە پشتیوانیی ئێران و تورکیا و بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کاردانەوەیەکی توندی سەربازی و ئابووریی هەبوو. لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بە هۆی کەرتبوونی هێزی پێشمەرگە، هێزە عێراقییەکان، کەرکووک و زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکانیان کۆنترۆڵ کردەوە. ئەمە بووە هۆی شکستێکی گەورەی جیۆسیاسی و لەدەستدانی ئەو خاکەی لە دوای ٢٠٠٣ـــەوە، بەتایبەت لە شەڕی داعشدا، کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەوە. ئەم ڕووداوە زەبرێکی کوشندە بوو، کە بە ئاسانی هەوڵی سەربەخۆیی لەباربرد.(International Crisis Group 2017: 8) لە ٢٠١٧/٩/٢٦ سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی بە مەبەستی ڕادەستکردنی دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان، ماوەی ٧٢ سەعات مۆڵەتی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا. لە ٢٠١٧/٩/٢٧ ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر ڕەشنووسی بڕیاری پەرلەمان دا کە لە ١٣ خاڵ پێکهاتبوو، بۆ سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و تەکنیکی بەسەر هەرێمی کوردستان، ڕێگەی بە سوپا دا پەلاماری کوردستان بدات.(علی ٢٠٢٢: ١٩٤-١٩٥)

سەرەڕای شکستە ڕواڵەتییەکەی، دەکرێت ڕیفراندۆم چەند کاریگەرییەکی ئەرێنی درێژخایەنی بۆ دۆزی کورد لە عێراقدا هەیە. دەنگی ٩٢,٧٣٪ی "بەڵێ" وەک بەڵگەنامەیەکی سیاسی و مێژوویی حاشاهەڵنەگر دەمێنێتەوە. یەکەمجار بوو، نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی

فـەرمـی و دیمـوکراسـییـانە، ویسـتی خـۆی بۆ سەربەخۆیی تۆمار کـرد. لە هـەر دانوستانێکی داهاتوو لەگەڵ بەغدا یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، سەرکردایەتی کورد دەتوانێت ئەم بەڵگەنامەیە، وەک کارتی گوشار و وەک نوێنەرایەتیی ئیرادەی گەل بەکاربهێنێت، ئەمە شەرعیەتێکی گەلییە بە ئاسانی ناسڕێتەوە.(Mansour 2018: 14). ڕیفراندۆم دۆسـت و دوژمـنی ڕاستەقینەی دۆزی کـوردی دەرخست. هەڵوێستی توندی عێراق، ئێران و تورکیا لە لایـەک، بێدەنگی و پشتیوانی نەکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە، ئەو ڕاستییەی سەلماند، کە کورد لە هاوکێشە جیۆسیاسییەکاندا، دەبێت زیاتر پشت بە توانا و یەکڕیزیی ناوخۆیی خۆی ببەستێت. ئەم ئەزموونە تاڵە، وانەیەکی گرنگی ڕیال پۆلیتیک[1]بوو، کە دەتوانێت لە داهاتوودا ببێتە بنەمایەک، بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی واقیعبینانەتر.(75: Ghanem 2019)

هەرچەندە ڕیفراندۆم، بە پەلاماردانی سەربازی و گەمارۆدانی کوردستان وەڵام درایەوە، بەڵام بۆ ماوەیەک، پرسی کوردی کردە مانشێتی سەرەکیی میدیا جیهانییەکان و خستییە ناو گفتوگۆی ناوەندە سیاسییەکانی جیهانەوە. ئەم پرۆسەیە، بە جیهانی گوت پرسی کورد لە عێراقدا پرسێکی زیندووە، ناتوانرێت بۆ هەمیشە پشتگوێ بخرێت. (خسرو ٢٠١٨: ٩٩) ڕیفراندۆم لە لایـەک، ساتەوەختێکی مێژوویی بـوو، بۆ بـەرزترین ئاستی یەکڕیزیی نەتەوەیی و دەربڕینی ئیرادەی گەل، کە هەستی ئینتیما بۆ خاک و ناسنامەی کوردی بە شێوەیەکی بێوێنە بەهێز کرد. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، بووە هۆی شکستێکی سەربازیی گەورە و لەدەستدانی دەستکەوتی گرنگ. میراتی ڕاستەقینەی ڕیفراندۆم، سـەرەڕای گەلەکۆمەکیی لێکرا، بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و سیاسییە، ناتوانرێت نادیدە بگیرێت، وەک سەرمایەیەکی مەعنەوی، بۆ خەباتی سیاسیی داهاتووی کورد لە عێراقدا دەمێنێتەوە.

**٢. پاشەکشە و بچووکبوونەوەی جوگرافی ٢٠١٧ – ٢٠١٨**

ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و ڕۆژانی دوایی، کە حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بە پشتیوانیی ئێران، پەلاماری کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان دا، کە نەخشەی هێزی لە کوردستان گـۆڕی. ئـەم ڕووداوانـــە تـەنیا پاشەکشەیەکی سەربازیی کاتی نەبوون، بەڵکو کۆتاییهاتنی قۆناغێکی فراوانبووی جوگرافی و سەرەتای قۆناغێکی نوێی سـنووردارکـردن و گـەمـارۆدان بـوون (Knights 2018: 3) . ئەم ڕووداوانـە بۆ حکوومەتی عێراق هاندەربوون، بۆ پەلاماردانی ناوچەکانی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش و هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان، هێزە هەرێمییەکانی وەک ئێران و تورکیاش هاوکار بوون، بەمەش مەترسییەکی گەورە لەسەر پێگەی کورد لە عێراق دروست بوو.

لە مـــاوەی کـەمـتـر لـە هـەفـتـەیـەکدا، هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی نزیکەی لە ٤٠٪ی ئەو خاکەی لەدەستدا، کە لە دوای حوزەیرانی ٢٠١٤وە کۆنترۆڵی کردبوو. ئەمە تەنیا لەدەستدانی خاک نەبوو، بەڵکو لەدەستدانی جوگرافیای ستراتیژی بوو.(:ICG 2018


[1] – ڕیال پۆلیتیکRealpolitik زاراوەیەکی ئەڵمانییە، بە واتای سیاسەتی واقیعی. ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ سیاسەتێک، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر بنەمای لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی پڕاکتیکی و ماددی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هێز دامەزراوە، نەک لەسەر بنەما ئایدیۆلۆژی، ئەخلاقی یان تیۆرییەکان. بەپێی بۆچوونی قوتابخانەی ڕیالیزم، ‘ئەکتەری سەرەکی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەوڵەتە، کە خەمی ئاسایشی خۆیەتی، لەپێناو بەرژەوەندی نیشتمانی خۆیدا کار دەکات، ململانێ لەسەر دەسەڵات دەکات. ئەم ڕوانگەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دەوڵەتان بۆ مانەوەی خۆیان، دەبێت بە شێوەیەکی پڕاگماتی مامەڵە بکەن و هێز وەک ئامرازی سەرەکی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکاربهێنن. Baylis ٢٠٢٠: ٩١))

12) لەدەستدانی كەركووك، تەنیا لەدەستدانی شارێكی مێژوویی و گرنگی كوردستان نەبوو، بەڵكو لەدەستدانی گەورەترین سەرچاوەی نەوتی بوو، كە دەیتوانی بناغەی ئابووریی دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێت. كێڵگە نەوتییەكانی بای حەسەن و ئاڤانا، كە ڕۆژانە نزیكەی ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتیان بەرهەم دەهێنا، گەڕایەوە ژێر دەسەڵاتی حكوومەتی فیدراڵی. ئەمە گورزێكی كوشندە بوو لە سیاسەتی وزەی سەربەخۆی هەرێم درا. (Stansfield 2019: 138-145) هەروەها لەدەستدانی ناوچەكانی وەك خانەقین، دووزخورماتوو، مەخموور، شنگال و دەشتی نەینەوا، نەك تەنیا قەبارەی جوگرافیی هەرێمی بچووك كردەوە، بەڵكو لەو ناوچانەدا كوردی خستەوە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەغدا و هەڕەشەی گۆڕانكاریی دیمۆگرافیی نوێ. (ICG 2018: 14)

هێزە عێراقییەكان هەوڵیان دا، دەست بەسەر دەروازە سنوورییە نێودەوڵەتییەكانی هەرێم لەگەڵ توركیا و ئێراندا بگرن. هەرچەندە ئەم هەوڵە بە تەواوی سەری نەگرت، بەڵام گوشاری بەغدا بۆ جێگیركردنی چاودێری فیدراڵی لەسەر ئەم دەروازانە زیادی كرد. (Stansfield 2019: 88) ڕووداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەر، ئەو وێنە و ناوبانگەی شكاند، كە هێزی پێشمەرگە وەك هێزێكی سەربازیی یەكگرتوو و نەبەزێنراو لە شەڕی داعشدا بۆی دروست ببوو. شكستی خێرا لە كەركووك چەندین ڕاستیی تاڵی ئاشكرا كرد. (Knights 2018: 7) ڕووداوەكان دەریانخست، كە هێزی پێشمەرگە هێشتا بەسەر دوو زۆنی نفوزی حیزبیدا (پارتی و یەكێتی) دابەش بووە، لە ساتە چارەنووسسازەكاندا، بڕیاری سیاسیی حیزبی زاڵە بەسەر فەرماندەیی یەكگرتووی سەربازیدا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی نەتوانرێت بەرگرییەكی كاریگەر لە كەركووك بكرێت. (Natali 2020: 15) بۆیە بڕیاری پاشەكشەی پێشمەرگە، بڕیارێكی حزبی بوو نەك بڕیاری فەرمیی هەرێمی كوردستان، بەم شێوەیە بەرەی پێشمەرگە، لە كەركووك و دەوروبەری درزی تێكەوت و بووە دوو بەش، ئەمەش خاڵێكی زۆر لاواز بوو، چونكە فەرمانی سەربازی، لە یەك فەرمانەوە، بووە دوو فەرمان و ڕێگەی بۆ شكستی سەربازی و سیاسی خۆشكرد.

هێڵی پێشووی بەرگریی پێشمەرگە، كە لە دوای ٢٠١٤وە دروست ببوو، هەڵوەشایەوە و هێڵێكی تەماسی نوێ لە نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەكان (سوپا و حەشدی شەعبی) لە نزیك پردێ و سحێلا دروست بوو. ئەم هێڵە نوێیە لە ڕووی سەربازییەوە بۆ كوردستان زۆر لاوازتر بوو و قووڵایی ستراتیژیی هەرێمی بە ڕێژەیەكی بەرچاو كەم كردەوە. (Knights 2018:10) هێڵی بەرگریی پێشمەرگە، لە پێش و دوای ١٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٧ دوو هێڵی لێك جیاوازبوون(نەخشەی ١)، دوای دەستدانی خاكی كوردستان، كە لە ٢٠١٤ـەوە كۆنترۆڵ كرا بوو، هێڵی بەرگریی پێشمەرگە گۆڕانی بەسەردا هات، پێش ١٦ی ئۆكتۆبەر هەمووناوچەكانی شنگال، ڕەبیعە، مەخمور، قەراج، دوبز، كەركووك، داقوق، دوزخورماتوو، جەلەولا و خانەقین بە هێڵی بەرگریی پێشمەرگە دەپارێزران، بەڵام دوای ١٦ی ئۆكتۆبەر، هەمووناوچانە كەوتنەوە دەست هێزە عێراقییەكان و دەرەوەی هێڵی دوایی ١٦ی ئۆكتۆبەر.

سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، پشتیوانیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمییان هەبوو، وەك هێزی باڵادەست لە گۆڕەپانەكەدا دەركەوتن. ئەمە هاوسەنگیی هێزی بۆ یەكەم جار لە دوای ٢٠٠٣وە بە شێوەیەكی یەكلاكەرەوە لە بەرژەوەندیی بەغدا




نەخشەی ١: گۆڕانی هێڵی بەرگریی پێشمەرگە لە هەرێمی كوردستان پێش و دوای ١٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٧
كاری توێژەر بە بەرنامەی Arc map 10.8 و پشت بەستن بە:( بارزاني ٢٠٢٠: ٢٧٨-٢٧٩)

گـۆڕی. (Knights 2018:11) ئـەم پاشەكشە جوگرافی و سەربازییە، دەرگای بۆ قۆناغی دووەمی گوشارەكانی بەغدا كردەوە، كە بریتی بوو لە شەڕی یاسایی و دارایی. (ICG 2018: 21)

### ٣. گوشاری یاسایی و دارایی بەغدا ٢٠١٨-٢٠٢٣

حكومەتی عێراق دەستی كرد بە بەكارهێنانی دوو چەكی كاریگەر بۆ لاوازكردنی زیاتری پێگەی هەرێمی كوردستان: دادگای باڵای فیدراڵی و بودجە. ئامانجی ئەم سیاسەتە، بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی پایەكانی ئابووریی سەربەخۆی هەرێم و ناچاركردنی بە گەڕانەوە بۆ ژێر چەتری دەسەڵاتی ناوەند.(ICG 2022:3) ئەمەش هەنگاوی جێبەجێكردنی پاشەكشەیە لە دەستوور و فیدراڵی. بڕیاری دادگای فیدراڵی، كە لە ١٥ ی شوباتی ٢٠٢٢ لە لایەن دادگای باڵای فیدراڵی بە زۆرینە دەرچوو، لە بنەڕەتدا دوو داوا بوون، بە ژمارە ٥٩ /ئیتیحادی/ ٢٠١٢ و ژمارە ١١٠/ ئیتیحادی/ ٢٠١٩ ، بە خاڵی گۆڕانی سەرەكی لەم قۆناغەدا دادەنرێت. دادگاكە لە بڕیارێكدا، یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی نەوت و گازی هەرێمی كوردستانی بە "نادەستووری" لەقەڵەم دا ( المحكمة الاتحادية العليا ٢٠٢٢). دەرەنجامە جیۆسیاسی

و ئابوورییەکانی ئەم بڕیارە کاریگەریی نەرێنیی هەبوو، کە لەمانەدا کورتیان دەکەینەوە: بڕیارەکە تـەواوی ئەو بنەما یاساییەی هەڵوەشاندەوە، کە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، سیاسەتی وزەی سەربەخۆی لەسەر بنیات نابوو. ئەمە مانای ئەوە بوو، کە هەموو گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، لە ڕوانگەی یاسای عێراقەوە، نایاسایی بوون. (ICG 2022:5-12)

هـەروەهـا بـەغدا ئـەم بـڕیـارەی وەک چەکێک بەکارهێنا، بۆ گوشارخستنە سـەر کۆمپانیاکان ئەگەر لە هەرێم بمێننەوە، لە گرێبەستە گەورەکانی باشووری عێراق بێبەش دەکرێن. ئەمەش بووە هۆی کشانەوەی هەندێک کۆمپانیا و دوودڵیی کۆمپانیاکانی دی. چیدی ململانێکە لەسەر لێکدانەوەی ماددەکانی دەسـتـوور نـەمـابـوو، بەڵکو هـەرێم ڕووبـەڕووی بڕیارێکی کۆتایی و پابەندکەری باڵاترین دەسەڵاتی دادوەریـی وڵات ببـووەوە. ئەمە پێگەی هەرێمی کوردستانی لە هەر دانوستانێکی دواتردا لەسەر پرسی نەوت و بودجە زۆر لاواز کرد.

لە دوای ٢٠١٧وە، پرسـی بودجـه لـه مافێکی دەسـتـوورییـەوە بۆ کارتێکی گـوشـاری سیاسی گۆڕا، کە بەغدا بەکاریدەهێنا. هەرچەندە لە چەندین ساڵدا (وەک ٢٠١٩ و ٢٠٢١) ڕێککەوتنی کاتی لەسەر یاسای بودجە کرا، بەڵام ئەم ڕێککەوتنانە هەمیشە ناسەقامگیر بوون و جێبەجێ نەدەکران. بـەغدا نـاردنـی پشکی هەرێمی بـە مـەرجـی زۆر قورسەوە بەستبووەوە، وەک ڕادەستکردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە کۆمپانیای سۆمۆ. ڕادەستکردنی نیوەی داهاتە نانەوتییەکانی (باج و گومرگ) بە خەزێنەی دەوڵەتی فیدراڵی. دواتر ئەم مەرجانەش جێبەجێکران، بـەڵام بودجە نەناردرا و کێشەی مووچەش بە تـەواوی چارەسەر نەکرا.

(Stansfield 2019:150) ناکۆکیی نێوان بەغدا و هەولێر، ساڵانە دەبـووە بیانوویەک، بۆ دواخستن یان بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و دواکەوتن و نەدانی١-٢ مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت. ئەمەش بووە هۆی قەیرانێکی دارایی درێژخایەن و نائارامیی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان لە هەرێمی کوردستان. بەم شێوەیە، بەغدا توانی هەرێم لە ڕووی ئابوورییەوە پـەک بـخـات. (ICG 2022:18) پشکی هـەرێمی کوردسـتـان لـە بـودجـە، بـە شێوەیەکی فـەرمـی و یاسایی لە ١٧٪ ـەوە بۆ ١٢,٦٧٪ کەمکرایەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی یاسای بودجەی فیدراڵیی عێراق بۆ سـاڵی ٢٠١٨ بـوو، بەپێی خەمڵاندنی ژمـارەی دانیشتووان. ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ٣ی ئاداری ٢٠١٨ و لە دانیشتنێکدا ئەم بودجەیەی بە بێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد پەسەند کرد. ((Al-Mawlawi 2018:4 .

### ٤. پـەرتـەوازەیـی جیۆپۆلەتیکیی ناوخۆیی ٢٠١٧ - ٢٠٢٣

یەکێک لـە مەترسیدارترین دەرئەنجامەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، قووڵبوونەوەی بێمتمانەیی و درزی نـێوان هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. پەرەسەندنی نـاکۆکییـەکـە، بـووە هـۆی تێکچوونی زیـاتـری پەیوەندییەکان و دابەشبوونی سیاسیی ناوخۆیی (Natali 2020: 22-28). هەرچەندە دابەشبوونی ئیداری، لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام لەم قۆناغەدا گەیشتە ئاستێکی نوێ. ئەم دابەشبوونە تەنیا سیاسی نەبوو، بەڵکو ئابووری، سەربازی و تەنانەت دیپلۆماسیش بوو، بۆ نموونە چوونی شاندی جیای حزبی بۆ

بەغدا، بووە دیاردەیەکی قۆناغەکە. هێزی پێشمەرگە و ئاسایش، زیاتر بوون بە دوو سوپا و دوو دەزگای هەواڵگریی جیاواز. هەریەک لە دوو زۆنەکە، خاوەنی سەرچاوەی داهاتی خۆیەتی (گومرگەکان، باج، داهاتی ناوخۆیی)، هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. حکوومەتی هەرێم لە هەولێر نەیدەتوانی دەسەڵاتی دارایی تەواوی بەسەر زۆنی سلێمانیدا هەبێت و بەردەوامیشە. (Stansfield 2019: 162)

٥. بازنەی نوێی جیۆسیاسی: مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران و تورکیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

لاوازبوونی پێگەی هەرێم لەنێو هاوکێشەی عێراقدا لە دوای ٢٠١٧، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ (ئێران و تورکیا) و نێودەوڵەتی دانا. لەم قۆناغەدا، هەرێمی کوردستان لە هاوبەشێکی تا ڕادەیەک ستراتیژییەوە، بۆ گۆڕەپانێکی یەکلاکردنەوەی ململانێکان گۆڕا . (Knights & Wicken 2023: 8)

دوای ٢٠١٧، ئێران هەستی بەوە کرد، کە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ هاتووەتە پێشەوە، تا نفوزی خۆی لە عێراقدا قووڵتر بکاتەوە، هاوکات پێگەی کورد و هەرێمی کوردستان کە بە هاوپەیمانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوای دادەنا، لاواز بکات. ئەمەش لە چەندین ڕووەوە دەرکەوت. ئێران چەندین جار بە مووشەکی بالیستی هێرشی کردە سەر پارێزگا و شاری هەولێر و دەوروبەری، بە بیانووی بوونی بنکەی ئیسرائیل یان ناوەندی پیلانگێڕی. دیارترینیان هێرشەکەی ئاداری ٢٠٢٢ بوو. ئەم هێرشانە پەیامێکی جیۆسیاسیی ڕوون بوون، کە ئێران کەی بیەوێت، دەتوانێت ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکاتە ئامانج، نە حکوومەتی هەرێم و نە هاوپەیمانە ئەمەریکییەکانی ناتوانن ڕێگری لێ بکەن.

ئێران کاریگەریی گەورەی لەسەر دادگای فیدراڵی و گرووپە چەکدارەکانی وەک حەشدی شەعبی و حیزبە سیاسییە شیعییەکان هەیە. زۆر لە شرۆڤەکاران، بڕیاری دادگای فیدراڵی دژی نەوتی هەرێمی کوردستان و گوشارەکانی دی، وەک بەشێک لە ستراتیژی ئێران بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد و هەرێمی کوردستان و کۆنترۆڵکردنی تەواوی عێراق دەبینن . (Knights & Tanchum 2023: 20) ئێران لە پاراستنی پەیوەندییە قووڵەکانی، لەگەڵ لایەنەکانی ناو زۆنی سلێمانی و بەکارهێنانی ئەم پەیوەندییانە، بۆ پاراستنی هاوسەنگی و ڕێگریکردن لە دروستبوونی بەرەیەکی کوردیی یەکگرتوو بەردەوام بوو.

تورکیا، هەرچەندە پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان (بەتایبەتی لە ڕێگەی بۆریی نەوتەوە) پاراست، بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە سیاسەتێکی زۆر هێرشبەرانەتری گرتەبەر. لاوازبوونی هەرێمی کوردستان و سەرقاڵبوونی بە کێشەکانی ناوخۆیەوە، دەرفەتی بە تورکیا دا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا فراوانتر بکاتەوە. (Stans-field 2019:170) سوپای تورکیا دەیان بنکە و خاڵی سەربازیی لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستاندا دروست کرد، قووڵایی ئۆپەراسیۆنەکانی گەیشتە ناوچەکانی وەک زاپ و ئاڤاشین. ئەمە بووە هۆی چۆڵبوونی سەدان گوند و دروستبوونی دۆخێکی "ئۆکۆپاشیۆنی دیفاکتۆ"[٢]

---

٢ – داگیرکاریی کردەیی(دیفاکتۆ) لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا، ئاماژەیە بۆ ئەو بارودۆخە واقیعییەی، کە تێیدا دەوڵەتێک کۆنترۆڵی کاریگەر بەسەر خاکی دەوڵەتێکی دیکەدا دەسەپێنێت. جەوهەری ئەم چەمکە، بریتییە لە بوونی دەسەڵاتێکی کردەیی لەسەر زەویی ناوچەیەک، بەبێ ئەوەی خاوەندارێتی یان دەسەڵاتی یاسایی فەرمی بەسەردا هەبێت. Benvenisti ٢٠١٢:٤١))

لەو ناوچانەدا. تورکیا هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی زیاد کرد، کە نەک تەنیا گەریلاکانی پەکەکە، بەڵکو هاووڵاتییانی سڤیلیشی دەکردە ئامانج. هەڵوێستی لاوازی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق، لە بەرانبەر ئەم دەستدرێژییانەدا، نیشانەی لاوازبوونی سەروەریی هەردوولا بوو. (ICG 2018: 25)

دوای کۆتاییهاتنی شــەڕی داعــش، گرنگیی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمەریکا و ڕۆژئاوا، تا ڕادەیەک کەم بووەوە. هەرچەندە هەرێم وەک هاوپەیمانێک و جێگەی متمانە مایەوە، بەڵام سروشتی پەیوەندییەکە گۆڕا. ئەولەویەتی ئەمەریکا بۆ پاراستنی سەقامگیریی عێراق و ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی داعش گۆڕا. بۆیە لە زۆربەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بـەغدادا، ڕۆڵـیان بریتی بـوو لە هاندانی هەردوولا بۆ گفتوگۆ، نەک پشتیوانیکردنی ئاشکرا لە مافی کورد. ئەمە وایکرد کورد هەست بـەوە بکات، لە گۆڕەپانە گـەورەکـەدا پشتیوانێکی ستراتیژیی کارای نییە، کە بتوانێت هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی بگۆڕێت. (Knights 2018:15)

قۆناغی نێوان ساڵانی ٢٠١٧ تا ٢٠٢٣ قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی کورد بوو، لەگەڵ دەرئەنجامە تاڵەکانی دوای ڕیفراندۆم و واقیعە ڕەقەکانی جوگرافیـای سیاسیی نـاوچـەکە. دەتـوانـین ئەم قۆناغە بـەم شێوەیە کـورت بکەینەوە: (Stans-fiel 2019:180) هاوسەنگیی هێز لە عێراقدا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندیی حکوومەتی بـەغـدا گـۆڕا. هـەرێـمی کـوردسـتـان، لـە پێگەی هاوبەشێکی بەهێزەوە، بووە پێکهاتەیەکی فیدراڵیی پاشەکشەکردوو. (Knights 2018:16) سەروەریی هەرێمی کوردستان لە سێ بواری سەرەکیدا لاواز بوو: سەروەریی سەربازی (لەدەستدانی جوگرافیا و هاتنی هێزە عێراقییەکان) ، سەروەریی ئابووری (هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و گاز و کۆنترۆڵی بودجە لەلایەن بەغداوە) ، و سـەروەریی نبشتمان (زیادبوونی هێرشەکانی ئێران و تورکیا). (ICG 2022: 22) ململانێی حیزبی، بۆ دابەشبوونێکی جیۆپۆلەتیکی گۆڕا، کە هەرێمی کوردستانی کردووە بە دوو زۆنی بەرژەوەندیی جیاواز. ئەمە گەورەترین لاوازیی ستراتیژیی کورد بووە لەم قۆناغەدا. (Na-tali 2020: 40) جیهان مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا وەک بەشێک لە عێراقێکی ئاڵۆز دەکرد، نەک وەک کیانێکی نیمچە–سەربەخۆی جێی ئومێد. (ICG 2018: 28)

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣دا، پێگەی جیۆسیاسیی کورد و هەرێمی کوردستان، لە دۆخێکی یەکجار هەستیار و نادیاردابوو. کورد، لە هەوڵی ئەوەدابوو، لە چوارچێوەی هاوکێشە نوێیەکاندا، هاوسەنگییەکی نوێ لەگەڵ بەغدا بدۆزێتەوە؛ هاوسەنگییەک کە تێیدا لەبری خەونی سەربەخۆیی، شەڕی لەسەر پاراستنی دەستکەوتە دەستوورییەکان و مانەوەی وەک هەرێمێکی فیدراڵیی خاوەن دەسـەڵات کرد. چارەنووسی ئەم هەوڵە، نەک تەنیا بە سروشتی پەیوەندیی لەگەڵ بەغدا بەندە، بەڵکو زیاتر بە توانای کورد، بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی و دروستکردنی گوتارێکی نیشتمانیی یەکگرتوو بەندە. (Stansfield 2019: 195)

### ٦. دەروازەی ئۆڤاکۆی و ڕێگەی گەشەپێدان

دەروازەی سنووریی ئۆڤاکۆی، کە دەکەوێتە سێگۆشەی سـنووری نێوان تورکیا و عـێراق و سووریا. ئەم دەروازەیـە دەکەوێتە نزیک گوندی ئۆڤاکۆی لـە دیـوی تورکیا و بـەرانبـەر ناوچەی دێهلز و پێشخابوور لە دیوی عێراق، کە لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ڕۆژئـاوای شـاری زاخۆ

و لە بەیەکگەیشتنی ڕووبارەکانی هێزل و دیجلە نزیکە. ئەم دەروازەیە دەتوانێت هێڵێکی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، لە نێوان تورکیا و حکوومەتی فیدراڵی عێراق دروست بکات، بەبێ ئەوەی پێویست بە تێپەڕبوون بە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات. (Orhan 2018: 24) لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکی و ئەمنییەوە، تورکیا سوورە لەسەر کردنەوەی ئەم دەروازەیە، وەک ئامرازێک بۆ دابڕینی پەیوەندیی جوگرافی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاڤای کوردستان بەکاری دەهێنێت. کردنەوەی ئەم ڕێگایە، بە مانای جێگیربوونی هێزی سەربازیی عێراق و تورکیا دێت، لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای دیجلە، ئەمەش هاوسەنگیی هێز دەگۆڕێت و گوشارێکی سیاسی و ئابووریی گەورە دەخاتە سەر هەولێر، بۆ ملکەچبوون بۆ سیاسەتی ناوەندیی بەغدا. (Cook 2020: 89)

دەروازەی سنووریی ئۆڤاکۆی، پرۆژەیەکی جیۆسیاسیی ستراتیژییە. ئامانجی سەرەکیی ئەم پرۆژەیە، دروستکردنی بەدیلێکی ڕاستەوخۆیە بۆ دەروازەی ئیبراهیم خەلیل. کردنەوەی ئەم دەروازەیە، کە هەرێمی کوردستان تێدەپەڕێنێت و ڕاستەوخۆ تەلعەفەر و موسڵ بە تورکیاوە دەبەستێتەوە، دەتوانێت هاوسەنگیی هێزی ئابووری و سیاسی لە ناوچەکەدا، بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت و هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر گەمارۆیەکی ئابووریی کوشندەوە. حکوومەتی عێراق کردنەوەی ئەم دەروازەیە، بە بەشێک لە سەپاندنی سەروەریی دەوڵەت بەسەر تەواوی خاکی عێراقدا دەزانێت، بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتی گومرگ و بازرگانیی کوردستان، بە هەنگاوێکی گرنگی دەبینێت. تورکیاش بە هەمان شێوە، پرۆژەکە وەک ئامرازێک، بۆ گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پێکهاتەی تورکمان و سوونەی موسڵ دەبینێت. Bilgin (2018:12-15 )


خاڵی سەرەکی، کە پرۆژەی ئۆڤاکۆی لە بیرۆکەیەکی تیۆرییەوە، کردە بابەتێکی کرداری، ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بوو لە ئەیلوولی ٢٠١٧. وەک کاردانەوەیەک. تورکیا ئامادەکاریی لۆجستیی جددی کردووە؛ بەشێکی زۆری ئەو ڕێگایەی دەروازەی ئۆڤاکۆی بە شارۆچکەی سلۆپییەوە دەبەستێتەوە، تەواو کراوە. بەڵام بەربەستی سەرەکی لە بەری عێراقەوەیە، کە بریتییە لە نائارامیی ئەمنی لە ناوچەی موسڵ و تەلەعفەر و بوونی گرووپە چەکدارە جیاجیاکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئێرانەوە نزیکن، کە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە ستراتیژییەیان قورس کردووە.(ICG 2017:16-18)

کردنەوەی دەروازەی ئۆڤاکۆی ئەگەر بێتە دی، زیانی ستراتیژیی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت. دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، یەکێک لە سەرچاوەکانی داهاتی نا-نەوتیی هەرێمی کوردستانە. لەدەستدانی ئەم دەروازەیە یان تەنانەت کەمبوونەوەی گرنگییەکەی، گورزێکی کوشندە لە ئابووریی هەرێمی کوردستان دەدات، دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەزاران هەلی کار و لاوازبوونی کەرتی تایبەت و کەمبوونەوەی داهاتی بەدەستهاتوو. هەرێمی کوردستان گرنگیی جیۆسیاسیی خۆی وەک دەروازەی عێراق بەرەو ئەورووپا لەدەست دەدات. ئەمەش کارتی گوشاری هەرێمی کوردستان، بەسەر بەغدا و تەنانەت تورکیاشەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە. بەغدا چیدی بۆ بازرگانی لەگەڵ تورکیا، پێویستی بە هەولێر نابێت، هەروەها ئەم پرۆژەیە، هەژموونی تورکیا لە ناوچەی موسڵ

و تەلعەفەر (کە تورکمانی تێدایە) زیاتر دەکات، ئەمەش هاوسەنگیی دیمۆگرافی و سیاسیی ناوچەکە دەگۆڕێت.(Gunter 2018: 310-312)

پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان (طريق التنمية)، پرۆژەیەکی ستراتیژیی گەورەیە، ئامانجی بەستنەوەی بەندەری فاوە لە باشووری عێراق بە تورکیا و دواتر بە ئەورووپاوە، لە ڕێگەی تۆڕێکی هێڵی ئاسنین و ڕێگەی خێراوە(نەخشەی ٢). ئەم پرۆژەیە، کە تێچووەکەی بە نزیکەی ١٧ ملیار دۆلار دەخەملێنرێت، لە رووکەش وەک پرۆژەیەکی ئابووری بۆ بوژاندنەوەی عێراق و گۆڕینی بۆ ناوەندێکی بازرگانیی جیهانی (ترانزێت) دەردەکەوێت. بەڵام لە ڕوانگەی جیۆسیاسییەوە، ڕەهەندی زۆر قووڵتری هەیە، وەک ئامرازێک بۆ دارشتنەوەی هاوکێشەکانی هێز لە ناوچەکەدا بەکاردێت، کە تێیدا لە ڕێگەی بنیاتنانی ڕێگەکە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، کورد دەکەوێتە دەرەوەی نەخشە ستراتیژییەکە و هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسیی پەراوێزخستن و گەمارۆدانێکی نوێ دەبێتەوە. -Al (Monitor 2023: 42)

ئەم پرۆژەیە، بە خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و وڵاتانی ئەورووپا لە ڕێگەی تورکیاوە دادەنرێت، کە لە ناو عێراقدا جێبەجێ دەکرێت. محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ٢٧ی ئایاری ٢٠٢٣. پرۆژەکەی ڕاگەیاند. کۆی درێژیی ڕێڕەوەکە، نزیکەی ١٢٠٠ کیلۆمەترە، کە لە بەندەری فاو لە باشوورەوە دەست پێدەکات و لەسەر سنووری تورکیا لە ئۆڤاکۆی کۆتایی دێت.




نەخشەی٢: پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان
کاری توێژەر بە بەرنامەی Arc map 10.8 و پشت بەستن بە:(علاءالدين ٢٠٢٤: ٢)

(احمد ٢٠٢٤: ٤) جگە لە ١٥ کیلۆمەتری کۆتایی نزیک سنووری تورکیا، پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە. ( Goštoli 2024)

ڕۆژی ٢٠٢٤/٥/٢٣ وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تیمێکی وەزارەت، لەگەڵ شاندی وەزارەتی گواستنەوەی عێراق لە هەولێر کۆبوونەوە. شاندی حکوومەتی فیدراڵ ڕەزامەندیی لە سەر لێکۆڵینەوە لە پێشنیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی پرۆژەی ڕێڕەوی ڕێگەی گەشەپێدان(هێڵی ئاسن و ڕێگەی خێرای وشکانی) بەو ڕێڕەوەدا بڕوات، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاری کردووە، کە بە شاری موسڵ لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەدا دەڕوات و بە دەشتی نەینەوا و قەزای تلکیفدا تێدەپەڕێت، بەرەو قەزای سێمێل سەر بە پارێزگای دهۆک، ئینجا گوندی دیرابون لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، لەوێشەوە بۆ سنووری عێراق تورکیا لە لای هەرێمی کوردستان گوندی قرولای ناحیەی ڕزگاری سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە ( پاشکۆ ١ ). ڕۆژی ٢٠٢٤/٥/٢٦ وەزیری گواستنەوەی حکوومەتی عێراق، نووسراوێکی بە ژمارە ١١ ک ٣٣٢٦ بۆ ئەمینداریێتی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ناردووە، تیایدا ئەو ڕاسپاردە و پێشنیارانەی لە کۆنووسی کۆبوونەوەی هەولێر ڕۆژی ٢٠٢٤/٥/٢٣ لە نێوان هەردوولادا هاتووە، ڕەت دەکاتەوە ( پاشکۆ٢). بەمەش کورد نەک لەو پرۆژەیە سوودمەند نابێت، بەڵکو پەراوێز دەخرێ و زیانی گەورەی بەر دەکەوێت.

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەیاننامەیەکی لە ٢٧ی ئاداری ٢٠٢٥ بلاو کردەوە، تیایدا ئەو لێدوانانەی ڕەتکردنەوە کە ڕاپانگەیاندبوو هەولێر و بەغدا لەبارەی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان ڕێککەوتوون، نیگەرانیشیی بەرانبەر ڕەتکردنەوەی ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی کۆنووسی کۆبوونەوەکەی هەولێر ڕاگەیاند. (پاشکۆ٣) ئەگەر هەرێمی کوردستان بەشێک بووایە لەم پرۆژەیە، دەیتوانی سوودێکی زۆری ئابووری و ستراتیژی بەدەست بێنێت، وەک بوون بە بەشێک لە کۆریدۆرێکی بازرگانیی جیهانی. بەڵام نەخشەی ڕاگەیەنراوی پرۆژەکە، بە ئاشکرا هەرێمی کوردستان تێدەپەڕێنێت.

کاریگەریی نەرێنیی پرۆژەکە لە چەند ڕوویێکەوە دەبێت، هەرێمی کوردستان، کە بە درێژایی بیست ساڵی ڕابردوو، وەک دەروازەی سەرەکیی بازرگانیی نێوان تورکیا و عێراق کاری کردووە، پێگەی ستراتیژیی خۆی لەدەست دەدات. ئەم پرۆژەیە دەروازەیەکی بازرگانیی بەدیل و بەهێزتر دروست دەکات، کە ڕاستەوخۆ لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی فیدراڵیدا دەبێت، بەمەش داهاتی گومرگ و باجی هەرێمی کوردستان کەم دەکاتەوە و کاریگەریی لەسەر بازاڕ و هەلی کار دادەنێت.(Al-Monitor 2023: 42) ئامانجی سەرەکیی بەغدا و تورکیا کەمکردنەوەی هەژموونی سیاسیی کوردە. بە دروستکردنی ئەم کۆریدۆرە، بەغدا چیدی بۆ گەیشتن بە تورکیا و ئەورووپا پشت بە هەرێمی کوردستان نابەستێت، بەمەش هەرێم یەکێک لە گرنگترین کارتەکانی گوشاری جیۆسیاسیی خۆی لەدەست دەدات. ئەمە بەشێکە لە ستراتیژی گشتگیری بەغدا بۆ سەنتەرالیزەکردنەوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی تەواوی سەرچاوە ستراتیژییەکانی عێراق.(الفتلاوي ٢٠٢٣: ١٥-١٨)

بە پێویستی دەزانین، ئاماژە بە ڕۆڵی ئەکتەرە سەرەکییەکان(عێراق، تورکیا، ئێران و ئەمەریکا) و ئامانجەکانیان لەم پرۆژەیەدا بکەین: ئامانجی سەرەکیی حکوومەتی فیدراڵی عێراق لەم پرۆژەیە، سەلماندنی سەروەریی دەوڵەت و گەڕاندنەوەی عێراقە بۆ سەر نەخشەی ئابووریی جیهان. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئامانجێکی ناوخۆیی هەیە، کە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی دەروازە سنووری و ڕێڕەوە ستراتیژییەکان و بێهێزکردنی هەرێمی کوردستانە. هیچ ڕێککەوتنێکی فەرمی لەگەڵ کورد نەکراوە، ئەوەی کراوە کۆبوونەوەی هەولێر بوو، ئەویش لە لایەن عێراقەوە ڕەتکرایەوە، چونکە لە بنەڕەتدا پرۆژەکە بۆ ئەوە داڕێژراوە، کە پێویستی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەبێت. (Cha-tham House 2023: 9-11) ئەم پرۆژەیە بۆ تورکیا خەونێکی ستراتیژییە، کە بە کەنداو و بازاڕەکانی ئاسیاوە دەیبەستێتەوە. تورکیا دەیەوێت ببێتە ناوەندی وزە و بازرگانیی ناوچەکە و ڕکابەریی کۆریدۆرەکانی دی بکات. هاوکات، ئامانجێکی ئەمنی و سیاسیی هەیە، کە بریتییە لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراق، لەسەر حیسابی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەروەها بەدەستهێنانی هەژموونێکی زیاتر لە موسڵ و دەوروبەری. ((Özer 2023: 25

ئێران بە گومانەوە سەیری پرۆژەکە دەکات، چونکە وەک ڕکابەرێک بۆ پرۆژەی کۆریدۆری ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوای خۆی دەیبینێت، کە ئێران بە عێراق و سووریا و لوبنانەوە دەبەستێتەوە (کۆریدۆری بەرگری). لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی لە بەغدا (بەتایبەت گرووپە چەکدارەکان) دەست بخاتە ناو پرۆژەکەوە.(المومني ٢٠٢٣: ٨-١٠) هەرچەندە ئێران ئەلقەیەکی گرنگی کۆریدۆری بەرگریی بە نەمانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا لەدەست دا، بەڵام وێڕای ئاستەنگی زۆر هێشتا چاوی لە کۆریدۆرەکەیە. لە لایەکی دیکەشەوە، بەغدا هان دەدات، کورد لە پرۆژەکە پەراوێز بخات. هەرچی ئەمەریکایە بە ئەرێنی سەیری هەر پرۆژەیەک دەکات، کە ببێتە هۆی سەقامگیریی ئابووریی عێراق و کەمکردنەوەی پشتبەستنی بە ئێران. هەروەها، ئەم پرۆژەیە وەک ڕکابەرێک بۆ دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگای چین دەبینرێت. سیاسەتی ئەمریکا لەمبارەیەوە ناڕوونە و زیاتر لە چاودێریکردندا خۆی دەبینێتەوە، بەبێ ئەوەی دژایەتییەکی ڕاستەوخۆی پرۆژەکە بکات. ((Knights 2023: 5-7

٧. بڕیاری دادگای پاریس بۆ ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم

بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس، لە ٢٥ی ئادار ٢٠٢٣، لەسەر داوای حکوومەتی فیدراڵی عێراق دژی تورکیا بوو. حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتی بە ماددەکانی ١١٢ و ١١٥ی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق دەبەست، کە مافی بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییە نوێیەکان بە هەرێمەکان دەدا. بەڵام دادگای ناوبژیوانی، بڕیارەکەی لە بەرژەوەندی بەغدا دەرکرد، تورکیای ناچار کرد کە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم ڕابگرێت. (Zank 2023: 88-102) (بڕیارەکە ڕاستەوخۆ بووە هۆی وەستانی هەناردەکردنی نزیکەی ٤٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو, هەرێم ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی قووڵ بووەوە. (Knights & Tanchum 2023: 5) (لەسەر ئاستی جیۆپۆلەتیکی، بڕیارەکە باڵانسی هێزی لەنێو عێراق و

ناوچەکەدا، بۆ حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا گۆڕی. بۆ کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان وەک Genel Energy, DNO, HKN کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بڕیارەکە کارەساتبار بوو. گرێبەستەکانیان لەگەڵ هەرێم، کە پێشتر لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵیی عێراقەوە بە نادەستووری دانرابوون، بەهۆی بڕیارەکەوە ڕێگای هەناردەکردنیشیان لێ داخرا. (Lando 2023: 2-4)

لە لایەکی دیکەوە، هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، بە وردی چاودێریی دۆخەکەیان دەکرد. لاوازکردنی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا، لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییەکانی ئێراندا یەکدەگرنەوە. لە بەرانبەردا، واشنتن سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بۆ ئاسایشی ناوچەکە و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە گرنگ دەزانێت. هەرچەندە ئەمریکا پشتیوانی لە سەروەریی عێراق دەکات، بەڵام گوشاری بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی لە نێوان هەولێر و بەغدا کرد، بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت، چونکە وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان، کاریگەریی لەسەر بازاڕی وزەی جیهانیش هەیە. ( Alterman (3 :2023

ئەنجام

مەترسییەکانی سەر پێگەی کورد لە عێراق، لە قۆناغی ٢٠١٧-٢٠٢٣ دا، لە ئەگەرەوە بوون بە واقیع. ئەو پێگەیەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە بەدەستی هێنابوو، کە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ڕۆڵی گرنگی هەبوو، لەم قۆناغەدا لاواز بوو. لاوازبوونی پێگەی کورد، ڕەهەندی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و عێراق و ناوخۆی کوردستانی هەیە. پرۆسەی گۆڕینی دیموگرافی لەم قۆناغەدا، بە پشتیوانیی حکوومەتی عێراق دەستی پێکردەوە. نەمانی ڕۆڵی کورد لە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی دی، ڕێگەی بۆ پێکهاتەی عەرەب خۆش کرد، بگەڕێنەوە سەر زەویوزاری کورد. لەم قۆناغەدا دادگای باڵای فیدراڵی کرایە ئامرازێکی کارا بۆ گوشارکردن لە کورد. دابەشبوونی جیۆپۆلەتیکی، لە ڕێگەی قووڵبوونەوەی درزی نێوان هێزە سیاسییەکان و دابەشبوونی هەرێم بۆ دوو زۆنی نفوز، کە کاریگەرییەکی نەرێنی زۆری، لەسەر لاوازکردنی پێگەی دانوستانکاری کورد لە بەرانبەر بەغدا و وڵاتانی دراوسێ هەبووە. لەم قۆناغەدا مەترسییەکی نوێ، لە ڕێگەی پرۆژەی گەورەی (ڕێگەی گەشەپێدان) دەرکەوت، کە دوو دیوی هەیە، یەکیان ئابووری، دووەمیشیان سیاسییە، کە ئامانجی پەراوێزخستنی کورد و گۆشەگیرکردنی هەرێمی کوردستانە، لە هاوکێشە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا.

## سەرچاوەکان

بە کوردی

– کەریم، ئەحمەد رەفیق، (٢٠٠٩)، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسیدا، ماستەرنامە، پێشکەش بە کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە(بڵاونەکراوەتەوە)

– علي، ساسان حکمت، (٢٠٢٢)، رەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تێزێکی دکتۆرایە پێشکەش بە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەحەدین – هەولێر کراوە(بڵاونەکراوەتەوە).

بە عەرەبی:

–احمد، سارة شكر،(٢٠٢٤) الابعاد الجيوبوليتيكة لمشروع طريق التنمية، بغداد، مركز البيان للدراسات و التخطيط، ١٠ صفحه.

–الفتلاوي، كاظم ، (٢٠٢٣) مشروع طريق التنمية الأبعاد الجيواقتصادية والجيوسياسية، بغداد، مركز الروابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية.

–المحكمة الاتحادية العليا، (٢٠٢٢)، (٢٠٢٢/٢/١٥)، المحكمة الاتحادية العليا تحكم بعدم دستورية قانون النفط والغاز لحكومة اقليم كردستان والغاءه، https://www.iraqfsc.iq/news.4805/ . 2025/11/12

–المومني، حسن، (٢٠٢٣)، طريق التنمية العراقي بين تنافس الممرات التجارية والصراع الجيوسياسي الإقليمي، الدوحة، مركز الجزيرة للدراسات.

–بارزاني، مسعود، (٢٠٢٠)، للتاريخ، اربيل، مطبعة روكسانا.

–حسين، فؤاد، (٢٠١٨) استفتاء كردستان السياقات والتداعيات، مركز الجزيرة للدراسات.

–خسرو، عبدالحكيم، (٢٠١٨) كردستان ما بعد الاستفتاء بين تحديات الواقع و طموحات المستقبل، مجلة المستقبل العربي، العدد ٤٧١، ص ص ١٢٢–١٤١.

–سليمان، رفيق؛ زفنكي صافية، (٢٠٢١)، الفدرالية و مشكلاتها التطبيقية في العالم المعاصر (الامارات العربيية المتحدة و العراق / اقليم كردستان)، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية و السياسية و الاقتصادية، المانيا، برلين.

–علاءالدين، رنج،(٢٠٢٤) ، مشروع طريق التنمية في العراق: مسار نحو الازدهار او عدم الاستقرار؟، الدوحة، مجلس الشرق الأوسط للشؤون الدولية ، ورقة بحثية، اكتوبر ٢٠٢٤، ١٢ صفحة.

–وزارة النقل والاتصالات في حكومة إقليم كوردستان،( ٢٠٢٥)، (٢٠٢٥/٣/٢٧)، لا صحة للتوصل إلى اتفاق مع الحكومة الاتحادية حول مشروع طريق التنمية، https://www.kurdistan24.net/ar/story/832073، 2025/4/1.

بە ئینگلیزی

-Al-Mawlawi, Ali, 2018. Iraq's 2018 Budget and the Future of Baghdad-Erbil Relations, The London School of Economics and Political Science (LSE) Middle East Centre, Paper Series 22, May 2018. (30 pages)

- Alterman, Jon B. 2023. "The Squeeze on the KRG: U.S. Policy in a Shifting Iraqi Landscape." Center for Strategic and International Studies (CSIS), Briefs, May 11, 2023. (10 pages)

- Baylis, John؛ Smith, Steve؛ Owens, Patricia (eds), 2020, The Globalization of World

"Throttling the KRG: How Baghdad's Moves against Kurdistan's Oil Endanger Iraqi Stability." Middle East Report N°231. (40 pages)

- International Crisis Group. (2017), Oil and Blood: The Battle for Kirkuk, Middle East Briefing N°57. (15 pages)

- Knights, Michael, & Wicken, Hamdi Malik. 2023. "Iran's Expanding Militia Army in Iraq: The Hashd al-Shaabi." The Washington Institute for Near East. (20 pages)

- Knights, Michael, and Tanchum, Micha'el. 2023). "Kurdistan's Economic Crisis After the Oil Shutdown." The Washington Institute for Near East Policy, Policy Analysis, April 19, 2023. (10 pages)

- Knights, Michael. 2018. "After the KRG Referendum: The Military and Political Balance Shifts." The Washington Institute for Near East Policy PolicyWatch 2940. (10 pages)

- Knights, Michael. 2023, Iraq's Development Road: A Corridor of Opportunity or a Road to Ruin? The Washington Institute for Near East Policy, Policy Analysis. (12 pages)

- Lando, Ben. 2023. "A Geopolitical Reset: How a Court Ruling Reshaped Iraq's Oil Landscape." Iraq Oil Report, March 29, 2023. (8 pages)

- Mansour, Renad & Wahab, Bilal. 2018. After the Referendum: The Future of Iraqi Kurdistan. Chatham House. (20 pages)

-. Natali, Denise. 2020. "Kurdish Political Rivalries and the Future of the KRI." Middle East Institute Policy Brief. (12 pages)

- Orhan, Oytun. 2018. Turkey's Policy to- Politics: An Introduction to International Relations. 8th Edition. Oxford: Oxford University Press.

- Benvenisti, Eyal, 2012, The International Law of Occupation. 2nd ed., Oxford University Press.

- Bilgin, Mert. 2018. Turkey's Iraq Policy After the KRG Referendum: The Ovaköy Alternative. Center for Middle Eastern Studies (ORSAM), Report No. 215. (30 pages)

- Chatham House. 2023. Iraq's Development Road: A new economic corridor or a path to nowhere? Middle East and North Africa Programme, Research Paper. (30 pages)

- Cook, Steven A. 2020. The New Geopolitics of the Middle East: Turkey's Ambitions. Oxford University Press, Oxford.

- Ghanem, G. 2019, The Kurdish Referendum: A Lesson in Geopolitics. Middle East Policy, Vol. 26, No. 1. (18 pages)

- Gostoli, Ylenia. 2024, (2024, April 30) "What's behind Turkey and Iraq's 'Development Road' project?" The New Arab.

https://www.newarab.com/analysis/whats-behind-turkey-and-iraqs-development-road-project. 18/12/2026.

- Gunter, Michael M. 2018.The Kurdish Question in Turkey and Iraq: Regional Dynamics and International IndifferenceHurst & Co, London.

- International Crisis Group (ICG). 2018. "Iraq's Kurds: After the Referendum." Middle East Report N°183. (35 pages)

- International Crisis Group (ICG). 2022.

ward Iraq: The Ovaköy Border Crossing Proposal.ORSAM (Center for Middle Eastern Strategic Studies), Ankara. (30 pages)

- Özer, Savaş. ٢٠٢٣. Turkey's Strategic Calculus in Iraq: The Development Road Project and the PKK Challenge. ORSAM (Center for Middle Eastern Studies), Report No. ٤٠) .٢٢٤ pages)

- Romano, David. 2018. The Kurdish Referendum and the Future of the Middle East. Palgrave Macmillan.

- Stansfield, Gareth, & Lintell, Jack. 2019. "The Kurdish Question in Iraq: From National Aspiration to Political Factionalism." Chatham House Research Paper. (25 pages)

-. Wicken, Olsen. 2023. "Iran's Missile Diplomacy: Targeting Iraq's Kurdistan Region." Carnegie Endowment for International Peace Analysis. (15 pages)

- Zaidan, S. 2023, (2023, June 13). Iraq's 'Development Road' project to bypass Kurdistan Region? Al-Monitor.

https://www.al-monitor.com/originals/2023/06/ 28 iraqs-development-road-project-bypass-kurdistan-region, 1/4/2025.

- Zank, Wolfgang. 2023. The ICC Ruling on the Iraq-Turkey Pipeline: A Legal and Political Analysis. Middle East Policy, Vol. 30, No. 2. (22 pages)

الملخص

تحليل جيوسياسي لمكانة الكورد في العراق

(٢٠١٧ - ٢٠٢٣)

بعد عام ٢٠٠٣، حظي الكورد بمكانة قوية في العراق، إلا أن هذه المكانة تراجعت بعد استفتاء عام ٢٠١٧ نتيجة عوامل داخلية وإقليمية ودولية. تعتمد هذه الدراسة المنهجين الوصفي والتحليلي لتقييم تأثير المتغيرات وأسباب تراجع الثقل الكوردي. وقد خلصت الدراسة إلى أن: التراجع العسكري والجغرافي وفقدان المناطق المتنازع عليها، لا سيما كركوك، ترك أثرا عميقا على مكانة الإقليم. كما تحولت صراعات بغداد من المواجهة العسكرية إلى الضغوط القانونية والمالية، حيث استخدمت قرارات المحكمة الاتحادية وقضية الموازنة كأدوات لإضعاف الاستقلال الاقتصادي لإقليم كوردستان. وتبرز المشاريع الاستراتيجية الإقليمية، مثل "طريق التنمية" و"منفذ أوفاكوي"، كتهديدات جيوسياسية جديدة تهدف إلى عزل الإقليم عن المعادلات التجارية والدولية. كما ساهم الانقسام الداخلي، والتدخلات الإقليمية (إيران وتركيا)، وقرار محكمة باريس، في إضعاف الموقف التفاوضي الكوردي وتدهور العلاقات بين أربيل وبغداد. ولمواجهة هذه المخاطر وحماية كيان إقليم كوردستان، تقترح الدراسة توحيد الخطاب الوطني والالتزام ببنود الدستور كحل وحيد.

الكلمات المفتاحية: الجيوسياسية، الكورد، العراق، الاستفتاء، منفذ أوفاكوي، طريق التنمية.

Abstract

A Geopolitical Analysis of the Kurdish Position in Iraq (2017–2023)

Post-2003, Kurds held a significant position in Iraq; however, the 2017 referendum triggered a decline driven by internal, regional, and international factors. Employing descriptive and analytical methods, this research assesses the impacts and causes of this weakened standing. The study finds that the military retreat from disputed territories, notably Kirkuk, profoundly diminished the Region's geopolitical influence. Simultaneously, Baghdad transitioned from military confrontation to legal and financial pressure, utilizing Federal Supreme Court rulings and budget allocations to undermine the Kurdistan Region's economic independence. New strategic regional initiatives, such as the "Development Road" and "Ovaköy Border Crossing," present geopolitical threats intended to isolate the Region from international trade routes. Furthermore, internal fragmentation, interventions by Iran and Turkey, and the Paris arbitration ruling weakened Kurdish negotiating power. To preserve the Kurdistan Region's constitutional entity against these risks, the study concludes that unifying the national discourse and strictly adhering to constitutional provisions are the only viable solutions.

**Keywords:** Geopolitics, Kurds, Iraq, Referendum, Ovaköy Border Crossing, Development Road.

## پاشکۆ ١

کۆنووسی کۆبوونەوەی وەزارەتی گواستنەوەی عێراق و وەزارەتی گواستنەوەی هەرێمی کوردستان
محضر اجتماع ٢٠٢٤/٥/٢٣

## (محضر اجتماع)

أجتمع وزير النقل والاتصـالات في حكومة اقليم كوردستان وبحضـور فريق الوزارة المكون من المستشـارين والمدراء العامين مع وفد وزارة النقل الأتحادية – الشركة العامة لسكك حديد العراق برئاسة السيد (يونس خالد جواد) المدير العام لسـكك حديد العراق وعضـوية السـيد (صـفاء جبار ناصـر) مدير مشـروع طريق التنمية وبحضـور السيد (برونو تروكا) ممثل شركة (BTP Infrastructure-S.P.A) الاستشـارية الإيطالية والسيد (برهان الدين محمد امين ) مدير مكتب باور للاستشـارات الهندسية في قاعة الشهيد سعد عبدالله للمؤتمرات في اربيل بتاريخ (٢٣-٥-٢٠٢٤) وتمخض عن الاجتماع التوصيات ادناه :-

١- موافقة وفد الحكومة الاتحادية - وزارة النقل الشـركة العامة لسـكك حديد العراق على دراسـة مقترح وزارة النقل و اللأتصـالات حول مسار مشروع طريق التنمية (خط السكة و الطريق البري السريع) ان يمر بالمسـار المقترح من قبل حكومة الاقليم والذي هو مسار أقصرب32 كيلومتر والذي يمر من مدينة الموصل بشرق نهر دجلة مرورا بسـهل نينوى وقضاء تلكيف الى قضاء سيميل في محافظة دهوك فقرية ديرابون شرق نهر دجلة و الحدود العراقية التركية في جهة أقليم كوردستان ضمن قرية قرولا في ناحية رزكاري في ادارة زاخو المستقلة شرق نهر دجلة.

٢- سيتم تقديم دراسة تحديد المسار شرق نهر دجلة من خلال خط مروره في القرى و المدن في سـهل نينوى و سـيميل و دهوك و قرولا في ناحية رزگاري من خلال دراسـة تقدمها الشـركة الايطالية خلام مدة لا تزيد عن شهرين من تاريخ الاجتماع.

٣- سيتم تحديد نقطة الربط السككي و الطريق الدولي السريع والمنفذ الحدودي مع الجارة تركيا من خلال اتفاق بين (الحكومة الأتحادية – وزراة النقل ) و (حكومة الاقليم- وزارة النقل و الاتصـــالات ) و (الحكومة التركية- وزارة النقل) بالاجماع .

٤- سيقوم غدا الجمعة 2024/5/24 وفد مشترك من وزراة النقل الأتحادية ووزارة النقل في أقليم كوردستان و الشركة الايطالية و مكتب باور بزيارة الى سهل نينوى و دهوك و الحدود العراقية التركية من اجل الوقوف على المسار المقترح على ارض الواقع.

٥- سيتم تنسيق تقديم المعلومات اللازمة للشركة الإيطالية والمكتب الاستشـاري من قبل الوزارتين و بالتنسيق المشـترك و توفير المعلومات اللازمة لطوبوغرافية الارض واعمال المسـوحات الاولية لمسـار خط السـكة

Page **1** of **2**

والطريق البري الســريع و بعرض 360 متر من قبل وزارة النقل و الاتصـــالات و الجهة الاســتشـــارية التي تحددها.

٦- المواضيع ذات الخصوصية الامنية والعسكرية يتم عرضها على الجهات المختصة في الحكومة الاتحادية وحكومة الاقليم.

هذا المحضر يعتبر خارطة عمل مشترك من أجل التوصل لقرار نهائي حول مسار لمشروع طريق التنمية في أقليم كوردستان و المناطق المجاورة للاقليم و سيتم متابعة العمل عن كثب بين الوزارتين و الشركة الأستشارية والمكتب الهندسي الاستشاري لتحقيق الهدف المرجو منه .

يعرض هذا المحظر على دولة رئيس الوزراء الحكومة الاتحادية و دولة رئيس وزراء حكومة أقليم كوردستان – العراق للموافقة على ما ورد فيه بالاجماع.

المدير العام لشركة سكك حديد العراق (وزارة النقل العراقية)

يونس خالد جواد

٢٠٢٤/٥/٢٤

مدير عام النقل (وزارة النقل والاتصالات – حكومة أقليم كوردستان)

ريباز محمد خليل

مدير مشروع طريق التنمية (وزارة النقل العراقية)

صفاء جبار ناصر

٢٠٢٤/٥/٢٤

مدير عام التخطيط والمتابعة ( وزارة النقل والاتصالات حكومة أقليم كردستان العراق )

عبدالمجيد عبدالحميد شيخاني

المدير التنفيذي للشركة الاستشارية الايطالية (BTP)

برونو تروكا

استشاري لدى الشركة الاستشارية الايطالية (BTP)

بلال العلي

مستشار (وزارة النقل والاتصالات حكومة أقليم كوردستان)

هشيار أسعد بابير

مستشار (وزارة النقل والاتصالات حكومة أقليم كوردستان)

محمود حمو حجي

٢٠٢٤/٥/٢٦

وزير النقل والاتصالات ( حكومة أقليم كوردستان )

أنو جوهر عبدالمسيح عبدوكا

Page 2 of 2

سەرچاوە https://www.kurdistan24.net/ar/story/832073

پاشکۆ ٢

دەقی نووسراوی وەزیری گواستنەوەی عێراق لەبارەی ڕەتکردنەوەی کۆبوونەوەی هەولێر



بسمه تعالى

جمهورية العراق
وزارة النقل
مكتب الوزير

Republic of Iraq
Ministry of Transportation
Minister Office

العدد: ١١٤٦٦٢٢
التاريخ: ٢٦/ ٥ /٢٠٢٤

وزارة النقل

الامانة العامة لمجلس الوزراء/ممثلية اقليم كردستان في بغداد

م / محضر اجتماع

تحية طيبة ...

نرافق ربطاً محضر هيئة الرأي لوزارة النقل رقم (٤) لسنة ٢٠٢٤ والمصادق من قبلنا والمتضمن الموافقة على ما جاء بقرار مجلس ادارة الشركة العامة لسكك حديد العراق احدى تشكيلات هذه الوزارة / الجلسة السادسة عشر لسنة ٢٠٢٤ الدورة السادسة والقاضي برفض التوصيات و المقترحات المدرج تفاصيلها في محضر الاجتماع المشترك المنعقد بتاريخ ٢٠٢٤/٥/٢٣ في محافظة اربيل بين ممثل وزارة النقل الاتحادية و وزارة النقل والاتصالات في حكومة اقليم كردستان والمدير التنفيذي للشركة الاستشارية الايطالية (BEG) مع الالتزام بالتصاميم والمسارات المعدة من قبل الشركة الاستشارية الايطالية لخط السكة الحديد والطريق البري السريع .

وبهذا ختم المحضر

يرجى عرض الموضوع امام انظار دولته ... مع التقديـــر .

رزاق محيبس عجيمي السعداوي
وزير النقل
٢٦ / ٥ / ٢٠٢٤

نسخة منه :-

- المدير التنفيذي للشركة الاستشارية الايطالية (BEG) للتفضل بالاطلاع والعلم على ما ورد اعلاه ... مع التقديـــر.

بغداد - شارع فلسطين - حي المهندسين - مقابل مسبح المهندسين

سەرچاوە: https://www.kurdistan24.net/ar/story/832073

## پاشکۆ ٣

## دەقی بەیاننامەی ٢٧ی ئاداری ٢٠٢٥ ی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان

نص بيان وزارة النقل والاتصالات في حكومة إقليم كوردستان

أصدرت وزارة النقل والاتصالات في حكومة إقليم كوردستان، بياناً رسمياً، نفت فيه صحة التصريحات التي تحدثت عن التوصل إلى اتفاق مع الحكومة الاتحادية بشأن مشروع طريق التنمية.

الوزارة أكدت أن آخر تواصل رسمي كان في 23 أيار/مايو 2024 في أربيل، حيث تم التوصل إلى محضر اتفاق بين الجانبين. ومع ذلك، أفادت الوزارة أنه بعد توقيع المحضر، تم التنصل منه من قبل وزارة النقل العراقية، مؤكدة أن هذه التصريحات لا تعكس حقيقة الوضع.

الوزارة شددت على أن مشروع طريق التنمية يجب أن يكون مشروعاً عراقياً يشمل جميع العراقيين، دون انتقائية أو إقصاء، كما شددت على موقفها الثابت بشأن المسار الذي اقترحته حكومة إقليم كوردستان والذي يعتبر أقصر وأقل تكلفة، ويخدم مختلف مكونات الشعب العراقي.

وفيما يلي نص البيان:

)لا حقيقة حول التوصل لأي اتفاق مع الحكومة الاتحادية حول مشروع طريق التنمية (

نُشِرَتْ في الأيام القليلة الماضية تصريحات نسبت إلى مسؤولين في الحكومة الاتحادية حول التوصل إلى اتفاق بين حكومة إقليم كوردستان والحكومة الاتحادية في العراق بما يتعلق بالمخطط النهائي لمشروع طريق التنمية (سكك الحديد - الطريق الدولي السريع) ضمن الأراضي الكوردستانية وجغرافية إقليم كوردستان .

نود أن نعلم الرأي العام الكوردستاني والعراقي بأن هذه التصريحات غير صحيحة ومخالفة للحقيقة .

إن آخر تواصل رسمي بين وزارتنا ووزارة النقل الاتحادية كان من خلال الاجتماعات الإيجابية التي عقدناها بحضور السيد (يونس خالد جواد - المدير العام لشركة سكك حديد العراق في وزارة النقل الاتحادية)، والسيد (صفاء جبار ناصر مدير مشروع طريق التنمية في وزارة النقل العراقية) والسيد) برونو تروكا - المدير التنفيذي للشركة الاستشارية الإيطالية (BTP ومستشار الشركة الاستشارية السيد (بلال العلي) بتاريخ 2024/5/23 في العاصمة أربيل وأشرف على الاجتماع معالي وزير النقل والاتصالات السيد آنو جوهر عبدوكا وشارك فيه كل من: المدير العام للنقل وسكك الحديد والترام واي في الوزارة السيد (ريباز محمد خليل) والمدير العام للتخطيط والمتابعة في وزارة النقل والاتصالات السيد (عبد المجيد عبد الحميد شيخاني)، ومستشارا الوزارة السيدان (هستيار اسعد ومحمود حمو حجي) والسيد (برهان الدين محمد أمين) مدير مكتب باور للاستشارات الهندسية وبعد نقاشات مستفيضة واتصال هاتفي إيجابي بين

1

وزيري النقل الاتحادي ونظيره في إقليم كوردستان تم إقرار المحضر الخاص بالاتفاق حول المضي قدماً في التعاون بشأن مشروع طريق التنمية وتم التوقيع من قبل الفريقين وبالإجماع .

حيث اعتبر رسمياً هذا المحضر خارطة عمل مشترك من أجل التوصل لقرار نهائي حول مسار لمشروع طريق التنمية في إقليم كوردستان والمناطق المجاورة للإقليم وسيتم متابعة العمل عن كثب بين الوزارتين والشركة الاستشارية ومكتب باور الهندسي الاستشاري لتحقيق الهدف المرجو منه.

وكان من المقرر وحسب الاتفاق الثنائي أن يعرض هذا المحضر على دولة رئيس الوزراء في الحكومة الاتحادية ودولة رئيس الوزراء في حكومة إقليم كوردستان للموافقة على ما ورد فيه وبالاجماع.

ما حصل بعد توقيع المحضر بساعات أثار علامات استفهام كثيرة لدى وزارتنا، حيث لم يقم فريق وزارة النقل الاتحادية بالمشاركة في الزيارة الميدانية للمسار الذي اقترحته وزارتنا لسكة حديد (القطار) والطريق الدولي السريع في المناطق المجاورة لكوردستان وداخلها، وأيضاً ما حصل بعد توقيعنا للمحضر بثلاثة أيام كان صادماً أكثر. حيث وعوضاً عن أن يتم عرض المحضر على دولة رئيس الوزراء في بغداد، تم إلغاء المحضر والتنصل منه من قبل وزارة النقل العراقية من خلال كتابها ذي العدد : (١١ ك٣٣٢٦) بتاريخ: 2024/5/26 والقاضي برفض التوصيات و المقترحات المدرج تفاصيلها في محضر الاجتماع المشترك في أربيل بتاريخ 2024/5/23 وبتوقيع معالي الوزير (رزاق محيبس عجيمي السعداوي) ودون أي توضيح مسبق .

إن الأجواء التي سادت الاجتماع في قاعة الشهيد سعد عبد الله في أربيل كانت أجواء ومشاعر وطنية وأخوية بين فريقي وزارة النقل والاتصالات في حكومة كوردستان ووزارة النقل الاتحادية وبحضور الشركة الاستشارية الإيطالية ومكتب باور الاستشاري الهندسي وبعد توقيع المحضر تم عقد مؤتمر صحفي مشترك ترك انطباعاً إيجابياً داعماً للمشروع ولكن ما حدث من تطورات مؤسفة عقب التوقيع على المحضر المشترك بساعات وأيام كان مثيراً للتساؤل والخيبة .

إن وزارة النقل والاتصالات في حكومة إقليم كوردستان تؤكد على موقف رئاسة الحكومة الكوردستانية الثابت في دعم المشاريع الوطنية التي من شأنها خدمة المواطنين وفي مقدمتها مشروع طريق التنمية، كما و تؤكد على موقف الحكومة والوزارة الثابت حول المسار الذي اقترحته الوزارة في المناطق المجاورة للإقليم وفي أراضيه حيث اقترحت وزارتنا أن يمر مسار مشروع طريق التنمية (خط السكة و الطريق البري السريع) بالمسار المقترح من قبل حكومة الإقليم والذي هو مسار أقصر بـ 32 كيلومتراً والذي يمر من مدينة الموصل بشرق نهر دجلة مروراً بسهل نينوى وقضاء الحمدانية فقضاء تلكيف مروراً إلى قضاء سيميل في محافظة دهوك

2

فقرية ديرابون شرق نهر دجلة والحدود العراقية التركية في جهة إقليم كوردستان ضمن قرية قرولا في ناحية رزكاري في إدارة زاخو المستقلة شرق نهر دجلة.

إن هذا المسار المقترح من قبل وزارة النقل والاتصالات في حكومة إقليم كوردستان هو مسار أقصر وأقل كلفة من خلال جدوى الإنشاء والتشغيل على المدى المتوسط والطويل وهو مسار أكثر أمناً ويخدم مختلف مكونات الشعب العراقي القومية والدينية في سهل نينوى وأيضاً ينهض بقرى ونواحي وأقضية تضررت كثيراً من تنظيم داعش الإرهابي وليس من الصحيح إقصائها من مشروع استراتيجي وحيوي كمشروع طريق التنمية والبديل الذي يقدمه زملاؤنا في بغداد يمر في باديةٍ وصحراء قاحلة؟.!

مرة أخرى تؤكد وزارتنا بأنه التصريحات المنسوبة لبعض المسؤولين في الحكومة الاتحادية حول التوصل لاتفاق مع حكومة الإقليم ووزارة النقل والاتصالات حول مشروع طريق التنمية لا صحة لها البتة، وأن التوصل لمخطط نهائي لمشروع طريق التنمية (خط السكة و الطريق البري السريع) في جغرافية إقليم كوردستان والمناطق المجاورة منوط بمدى استعداد نظرائنا وزملائنا في وزارة النقل والحكومة الاتحادية للعمل سوية كفريق واحد ضمن برنامج مهني متكامل لتحديد مسار يضمن مصلحة المواطنين في كل شبر من هذا الوطن، فلا تنازل عن الحقوق الدستورية لأبناء شعبنا، ولكي يرى مشروع طريق التنمية النور يتوجب أن يكون مشروعاً عراقياً لجميع العراقيين دون انتقائية او إقصاء .

المرفقات :

-المحضر المشترك

-كتاب رفض التوصيات - وزارة النقل الاتحادية

حكومة إقليم كوردستان

وزارة النقل والاتصالات

27آذار 2025

سەرچاوە: https://www.kurdistan24.net/ar/story/832073

سەرچاوە:https://www.kurdistan24.net/ar/story/832073